# کوردستان سەدەها ( بەیکەر –هاملتۆن )ی تێدایە

**عومەر جەلال**
Omargalal2004@yahoo.com

ئەو نیگەرانییەی ئەمرۆ لە ئاستی راپۆرتە بێ نرخەکەی (بەیکەر –هاملتۆن ) پەیدابووە ,دەنگدانەوەیەکی پۆزەتیڤی هەبووە لە هاوکێشەی سیاسەتی ئەمریکا ,هەروەها هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵکە یەك دەنگ و هاوڕابووون لەو راسپاردەیە.

قسەی من هێندەی لەسەر سیاسیەکانی کوردیە نیو هێندە لەسەر (بەیکەر –هاملتۆن ) نیە,ئەوەی لە ماوەی ئەم پانزە ساڵەدا ڕووی دا لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەر لە بوونی شەڕی ناوخۆ تا دەگاتە ئەو گەندەڵییە فۆرخکەرەی کە تەواوی داهاتی تاکی کوردی پاوەن کردووە,دابەش بوونی نیشتیمان بۆ چەند پارچەیەك و لەت لەت بوونی ئیدارە و دەرکردنی چەند بڕیارێکی نەگەتیف کە تەواو هاوتا بوون لەتەك راسپاردەکانی (بەیکەر – هاملتۆن) من بەختەوەر نیم بەوەی بەراووردی بکەم لەگەڵ بڕیارەکانی حیزبەکوردیەکاندا ,بەلاَم رابردوو شایەدی دەدات لەسەر ئەوە,خاڵە سەرەکییەکانی (بەیکەر –هاملتۆن ) دواخستنی مادەی (140) ,ئەمە هەر هێندەی ئەم سێ ساڵەی کە حیزبە کوردیەکان لەناو کەرکوکدا بوون زیانی هەبوو, شەڕکردن لەسەر پەیداکردنی ئەندام و فەرامۆشی دۆخی کەرکوك بە تەواوی دەبینرا,لە (بەیکەر –هاملتۆن ) هاتووە ڕێگە بدرێت بەدەست تێوەردانی وولآتە دراوسێکان ,بێگومان لەماوەی ئەم پانزە ساڵەدا حیزبە کوردیەکان ئەوەندەی پەنایان برد بۆ وولآتەکانی وەك ئێران و تورکیا و عێراق لەشەڕی ناوخۆدا دژ بەیەك بۆ سڕینەوەی شوناسی کوردی.نیو هێندە یادیان لە یەگرتنەوەی ماڵی کوردی نەدەکردەوە,ئەو بێدەنگیەی لە شەقامی کوردیدا هەنووکە زیندوو بووەتەوە بۆ دژی راسپاردەکانی (بەیکەر –هاملتۆن) ئەگەر لە پاش راپەرینەوە کارابووایە ,من دڵنیام دۆخی کوردی لەم وێرانەیەدا نەدەژیا,ئەگەر حیزبە کوردیەکان لەوەها قەیرانێکدا پەنا دەبەنە بەر تاکی کوردی بۆ خۆپیشاندان دژی راپۆرتەکە ,دەبایە لە ئەو شارانەی کە تاکی کوردی خۆپیشاندانیان دەکرد دژی گەندەڵی و نەبوونی سوتەمەنی و ئاو وکارەبا هاوکاری بکرانایە نەوەکو بەو شێوازە ترسناکە کۆتایی پێ بهاتایە.

باشترین و ناسکترین ساتە ئەمڕۆ دەسەلآتی کوردیئەزموون وەربگرێت لەو هەڵانەی لە ڕابردوودا کردوونی و ئەوەندەی لەخەمی خودژیەندابووە ئەوندەش یاد لە دۆخی کوردی بکاتەوە ,کە هاوکێشە سیاسیەکانی ئەمرۆی عێراق و سیستمی عەقڵیەتی ئەمریکا کێشەی ترسناکی بەدوادایە ,هەروەکو چۆن لە ساڵانی 1975 و 1991 گەورەترین زیانیان لە کۆمەڵگەی کوردی وعێراقی دا , ئەو عەقڵیەتانەی لەناو سیاسەتی حیزبە کوردیەکاندا هەیە کە راپۆرتەکە بەباش دادەنێت هیچ جیاوازی نیە لە دەست تێوەردانی دارشتنی راپۆرتەکە,

وەنەبێ سیاسەتی کوردی کەمتەرخەمە لە ئاست وەها ڕووداوێك دا بەلاَم خۆشباوەڕی بە سیاسەتی ئەمریکا و بڕواکردن بە بەڵێن و تەلەفۆنەکانی (بەیکەر) هیچی کەمتر نییە لەوەی کە شتێك نییە بەناوی کورد لە عێراق وەك و لە راپۆرتەکەدا هاتووە.